# تەقەکردن...
# گوزارشتێکی نەشیاو بۆ خۆشی

**ریـپۆرتاژی: کارۆخ فەهمی**



چـەك تەنها یەك زمان دەزانێ ئەویش زمانی کوشـــتن و توونوتیژییە. گومان نییە لەوەی کە هەر کەسێك هەوڵبدات زمانێکی تری پێ ببەخشێت جیا لەو زمانە راســـتەقینەی خۆی، کارەســـاتی وێرانکەری لێدەکەوێتەوە. بەکارهێنانـــی چەك و تەقەکردن بۆ گوزارشـــتکرنی خود لەخۆشـــییەکان، دیاردەیەکـــی زەقی زۆربـــەی کۆمەڵگـــا رۆژهەڵاتییەکانە.کۆمەڵی کوردیش بەدەرنییـــە لەو دیاردەیە. پیاوی کوردیش زۆر جـــار لەکاتی گیرانی مانگدا یا لەشەوانی جەژندا و ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوەدا لوولەی چەکەکەی کردۆتـــە ئاســـمان و فیشـــەکدانەکەی خاڵیکردۆتەوە.کەمنـــین ئەوانەی کە بوونەتە قوربانی ئەم دیاردەیە. هەمیشـــە لـــە دوای چەند کاتژمێرێك ئەو هەواڵانە دەبیستین کە چەندین کەس فیشەکی سارد بەر ناوەراستی سەریان کەوتووە. یان شووشەو لاشەی چەند ئۆتۆمبێلێك کون بووەو کەسیش نازانێ بکەرەکانی کێن؟. لێرەدا پتر مانای کوێری فیشەك دەردەکەوێ.

مەریوان کە پێشمەرگەیەکی کەمێك بەتەمەنەو خاوەنی چەکێکی نوێیەو زۆریش شانازی پێوەدەکات ودەڵێ: (من زۆر حەزم لەتەقەکردنە، لەهەموو بۆنەیەکدا تەقەی خۆمم کردووە. ئەو رۆژەی گوتیان ســـەدام لەسێدارەدرا، چوار (مەغزەن)م بەتاڵ کرد.) مەریوان پێی وایە ناتوانێ واز لە تەقەکردن بهێنێ و بە گوزارشـــتێکی شیاوی دەزانێ بۆ دەربڕینی خۆشی ودەڵێ: (بووە بەعادەت کاکە گیان، دراوسێیەکم لەتەنیشتم تەقە بکات و منیش لەماڵەوە چەکـــم هەبێـــت و بێدەنگ بم نابێ.) کە پێم گووت هەســـتناکەیت جارێك لەجـــاران ئەو فیشـــەکەی تۆ تەقاندوتە لەجێگایەکی تردا زیانی بەشـــتێك گەیانـــدووە؟ گوتی: (بـــا دڵنیام خۆ فیشـــەك لە ئاســـمان نامێنێتەوە، هەر دەبێ بێتەوە خوارێ و بەر شـــتێك بکەوێ.) گـــۆران خوێندکاری زانکۆیەو ئارەزوویەکـــی ســـەیری تەقەکردنـــی هەیە. قســـەکردن لەگەڵ ئـــەو کورە ســـەبارەت بـــە تەقەکـــردن بۆ دەربڕینی خۆشـــی حەوســـەڵەیەکی باشـــی دەویست، ئەو دەیویست بۆم شیبکاتەوە کە چۆن مرۆڤی ئێمە هەموو ژیانی لەناو توندو تیژیدا بووە و لەم حاڵەتانەدا رەنگ دەداتەوە، گۆران دەیگووت: ( ئێمە نەوەی دوای جەنگ و کوشـــتنین. نەوەیەکین بۆ گوزارشـــتکردن لە خۆشـــیەکانیش دەبێ رێگـــای توونودتیژ بگرینە بەر. تۆ تا ئێســـتا چەند ئاهەنگـــت بینیـــووە شـــەڕی تێدا نەبـــێ. ئاهەنـــگ واتـــە دوور کەوتنەوە لەهەموو جۆرە پشێوییەك، کەچی بەدەگمەن نەبێ دەنا دەبێ هەر شەڕێك ڕووبـــدات.) گۆران کوڕێکی لەســـەر خـــۆ دیاربوو، هەمیشـــە کەمێك بیری دەکردەوە ئینجا قســـەی دەکرد. ئەو پتر حەزی لەرەخنە گرتن بوو لەزانکۆ و سیستمی پەروەردە، دەیگووت( پەروەردەی ئێمە نەیتوانیوە مرۆڤی کامڵ دروســـتبکات، ئەو ئەرکەی لەسەر شـــانی پەروەردەیە لەم وڵاتە زۆر گرانە کـــە بەداخەوە ئـــەو ئەرکە بەباشـــی ڕاناپەرێنـــن.) دوای بێدەنگیەکی زۆر



دەیگوت( ئەگەر من بەسروشتیش تووندوتیژ بم ئەرکی پەروەردەیە کە لەمندا کەمی بکاتەوە. تۆ سەیرکە ئەو هەموو خۆپیشاندانەی خوێندکاران چۆن بەئاراستەی توندو تیژیدا دەشکێتەوە. ئەمەش دیوێکی تری مەسەلەکەیە. ڕەنگە زۆر لە تەقەکرن ترسناکتر بێ.) سەبارەت بەوەی کە ئایا لە کاتی خۆشیدا تەقە ئەکات یان نا گووتی:( بەڵێ بەدڵنیاییەوە تەقەم کردووە، هەرچەندە خۆمان چەکمان نییە، بەڵام هاورێکانم هەیانەو لەکاتی بووك گواستنەوەکاندا چەندین جار لە جامی سەیارەکە هاتوومەتە دەرەوەو تەقەم کردوە.) سەردار گەنجێکی ترە کە لە یەکێك بارەگا حیزبیەکان پاسەوانە. سەرەتا وای زانی من بەنیازی راپۆرتێکم لەسەر کەمی موچەو درەنگ گەیشتن و واجباتی زۆر. بۆیە بە روویەکی گەشەوە پێشوازی لێکردم و بۆم پێکەنی . دواتر کە زانی من بۆ ئەم شتانە نەهاتووم، تۆزێك سارد بوەوەو خەندەکەی سەر لێوی نەما. دواتر بە دڵێکی ساردەوە گووتی: (تەقەکردن باشترین شتە بۆ خۆشی، چونکە دەنگەکەی گەورەیەو خەڵکێکی زۆریش تەماشات دەکەن. شەوێکیان مانگ گیرابوو تانیوە شەو تەقەمانکرد ودواتر مانگ گیرانەکە تەواو بوو.) سەردار لەسەر نەزمی خۆی بەردەوام بوو( زۆرجاریدیکە تەقەم کردووە، بەس زیاتر لە چۆڵەوانی نەك ناو ماڵان.) کە من پێم گووت جارێکیان پیاوێك بەتەقەی خۆشی مرد کاتێك گوللەیەك لە ئاسمانەوە بەشێوەیەکی ستوونی بەر سەری کەوت و.. من بەنیاز بووم رونکردنەوەی زیاتر بدەم کە چی قسەکانی پێبڕیم و گوتی:( بەڵێ بەڵێ..دەزانم، منیش ئەو حاڵەتانەم بینیووە، جاری واهەیە بەس قەوانەکان ئەو خەڵك بریندار دەکات کە لەنزیکەوە وەستاون.)

سەردار لەبەرگەسەربازییەکەیدا کە پێدەچوو خەمباری کردبێت دەیگووت:( بابزانی هەمووومان حەزمان لەتەقەیە، نەك بڵێین ئەوە دکتۆرەو ئەوە پۆلیسەو ئەوە مامۆستایەو ئەووەش وەزیر، هەموو کەس حەزی لە تەقەکردنە، وادەزانی تەنها ئەوانە تەقە دەکەن کە پۆلیس و پێشمەرگەن؟ برۆ بۆناچی چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆرەکان بکەی؟ بزانە چەند بەرێوەبەرو مامۆستا لەشەوی جەژن و هاتنەوەی سەرکردەکان و گیرانی سەدام دا تەقەیان کردووە.) کە سەردارم بەجێ هێشت، هەستم دەکرد تورەییەك لە قسەکانیدا هەیە. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ یەکەمجار کێ تەقەی خۆشی کردبێ، من هەندێکجار دەمگەڕاندەوە بۆ سەرکەوتنەکانی جەنگاوەرانی کورد، کاتێك جێگایەکیان لە داگیر کەرەکان دەستاندەوە تەقەی خۆشیان دەکرد . لەشایی و سێ پێیی و ڕەشبەڵەکدا دەمانچەکەی بەر کەمەریان دەرهێناوەو چەند فیشەکێکی خۆشییان بەئاسماندا تەقاندووەو بەدوژمن پێکەنیوون. محەمەد گەنجێکی تر بوو کە هەڵوێستی لەهەموو ئەوانیتر جیاوازبوو، چونکە پێی وابوو ئەوانەی تەقەی خۆشی دەکەن نەخۆشن و دەبێ بچنە لای دکتۆر بۆ پشکنینی دەروونی. محەمەد دەیگووت( چەك تەنها بۆ کوشتنە، چەك ژیان دروست ناکات، ئەوانەی تەقەی خۆشیش دەکەن دەبێ زۆر دواکەتووبن و حەزنەکەن کۆمەڵگای کوردی پێش بکەوێت. چونکە ئێمە وەکو میللەتێکی درندە ناسراوین و خەڵك پێی وایە ئێمە تەنها توندو تیژی دەزانین و چەك و جۆرەکانی دایم بەشانی پیاوی کوردەوەیە و یەکتریمان خۆش ناوێ.) محەمەد کە زۆر بێزار بوو لە تەقەکردن دەیگووت:(لەشەوی جەژنی رەمەزاندا دراوسێیەکمان تەقەی خۆشی دەکرد برا بچووکەکەم لەترساندا تا بەیانی نەخەوت و نەخۆش بوو. بەیانی یەکەم رۆژی جەژنیش ئەوەی کە تەقەی خۆشی دەکرد لەخوشکەکانی خۆی دەدا من گوێم لەهات و هاواریان بوو.) دواجار محەمەد گووتی:( ئامۆژگاریم بۆ ئەوانە ئەوەیەکە واز لەو رەوشتە ناشیرینە بهێنن و چیتر سیمای ئێمە لەلای وڵاتانی دونیا ناشیرین نەکەن، چونکە بۆ خۆتان دەزانن ئێستا سەردەمێکی ترەو هەموو کەس هەرچەند دوور بێت دەزانێ ئێمە چی دەکەین و چی ناکەین.)